بەیان سامی عەبدولڕەحمان:

# زۆر خۆشحاڵم کە جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی دژی توندوتیژین دژ بەئافرەت

پێویستە ئافرەت و پیاو بزاڤ بکەن بۆئەوەی توندوتیژی بەناوی شەرەف بنبڕ بکرێ





**بەیان سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری حکومەتی هەرێم لەبەریتانیا لەدیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی تایبەت بەئافرەتان و ڕۆژنامەوانی و کاروچالاکییەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەبەریتانیا، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** بەڕێزت وەك خانمێکی ڕۆژنامەنووس و سەرکردایەتی سیاسی، بۆئێمە جێگەی خۆشحاڵیە کە لێت بپرسین، ئایا چۆن ئاستی ڕۆژنامەگەری مێیینە لەکوردستان هەڵدەسەنگێنی، بەتایبەتی کە ئێستا خانمانی ڕۆژنامەنووس کەمتر لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن دەردەکەون، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتیش لەم حاڵەتە بەدەرنین؟**

- ڕۆژنامەنووسی کوردی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ژمارەی کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەری ئەنتەرنێت ئەوەندە زۆرن کە بەر لە١٠ ساڵ لەکوردستان ئەم دیاردەیە نەدەبینرا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش لەهەندێك وڵاتی ناوچەکە ئازادی ڕادەبرین و ڕۆژنامەگەری ئۆنلاین قەدەغەیە، بەڵام لەبەر ئەو ئازادیەی لەکوردستان هەیە، جۆرەها ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ماڵپەری ئەنتەرنێت بەئازادی کاری ڕۆژنامەوانی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی هۆکارەکانی میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەکوردستان بڵاو بێت، سەرەڕای ئەوەی کە کەموکوڕیش هەیە چ لەلایەنی حزب و حکومەتەوە بێت یان لەلایەنی خودی ڕۆژنامەنووسانەوەئەنجام نادەن، لەلایەنی حزبی و حکومەتییەوە ئێمە تا ئێستا فێری ئەوە نەبووین سیستەم یان میکانیزمێك دابنێین کە چۆن زانیاری بدرێتە ڕۆژنامەنووسان، لەبەریتانیا کە زۆر پێشکەوتووە هەر وەزارتێك یان ئاژانسێکی حکومەت بەشی میدیای خۆی هەیە کە ڕۆژانە هەواڵ و چالاکییەکانی وەزارەتەکە دەنووسنەوە و بڵاو دەکەنەوە نەك تەنیا کارەکانی وەزیر یان بریکارەکەی، هەروەها سەرکەوتنەکانی وەزارەتەکە بڵاو دەکەنەوە و زانیاری کۆدەکەنەوە و دەیدەن بەڕۆژنامەنووسان، لەکوردستان ئەمە هەیە، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە زانیاری ڕێکوپێك و نوێ بەمیدیا بدرێت، ئەمەش زۆر جار خەتای حکومەت نییە، بەڵکو هەندێك جار ئامار و داتای ورد نییە، ئێمە سیستەمێکمان نییە بۆ کۆکردنەوەی ئامار و داتاکان، بۆیە زۆر جار ڕۆژنامەنووس داوای هەندێك زانیاری دەکات کە لەلایەن حکومەتەوە نییە نەك وەك هەندێك کەس کە پێیانوایە حکومەت زانیاری دەشارێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئازادی هەیە و ڕۆژنامەنووسان بەئازادی هەموو شتێك دەنووسن دژی حکومەت و کەسایەتییەکان و خەڵك بەگشتی، بەڵام نووسینەکان بێ زانیاری و داتا و بێ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی نووسینەکان و هەبوونی بەڵگە لەسەریان کە لەئەورووپاش ئەم شتە قبووڵ ناکرێت، چونکە ئەوە دیاردەیەکی نا تەندروستە و دەبێتە هۆی چەواشەکردنی خەڵك و دوورخستنەوەیان لە ڕاستیەکان. لەکوردستان لەسایەی ئەو ئازادیەی کە دەستەبەر کراوە سەدەها ڕۆژنامە و هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن هەیە لەکاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانیشی تەنیا ٥ ملیۆن کەسە. بەڕای من ئەگەر هەر ٣-٤ دەزگای ڕۆژنامەوانی یەك بگرن لەناو یەك دەزگادا، ئەوا بەهێزتر دەبن و سوود لە شارەزاییەکان زیاتر وەردەگرن و ئەو بابەتانەی کە بڵاو دەکرێنەوە قازانجی زیاتری بۆ خوێنەر و بینەر دەبێت و دەبێتە مایەی ڕەزامەندیان. جۆرایەتی لەژمارە گرنگترە. لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو کەموکوڕیانەی کە پێوەندییان بەڕۆژنامەنووسانەوە هەیە بەڕای من ڕاهێنان لەکوردستان کەمە، ڕاستە زۆر لەڕۆژنامەنووسان دەرچووی کۆلێژن، بەڵام پێویستە دوای کۆلێژیش بەردەوام بن لەپەروەردەکردنی خۆیان لەبواری ڕۆژنامەگەری، ئەمەش لەکوردستان نییە و ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە.

*** ڕۆژ بەڕۆژ لەکوردستان ژمارەی ئافرەت لەڕاگەیاندن کەم دەبێت، ڕای جەنابت چیە؟**

- ئەمەش دیاردەیەکی نا تەندروستە، چونکە ڕۆژنامەوانی کارێکە ئافرەت و پیاو دەتوانن ئەنجامی بدەن، قەڵەم و کیبۆردێکە، لەئەورووپا بۆ نموونە (بی بی سی و سی ئێن ئێن) زۆربەیان پێشکەشکاری بەرنامە و نووسەر و دیزاینەر و گرافیك و تەنانەت فۆتۆگرافەریش ئافرەتن، بەڵام لەوێش ئەگەر بچیت بۆ چینی سەرووتر ژمارەی ئافرەت کەمە، بەدەگمەن ئافرەت دەبێتە سەرنووسەر، ئەمەش دیاردەیەکی نا تەندروستە، من ماوەی ١٧ ساڵ ڕۆژنامەنووس بووم لەئەورووپا و کاتێك گەڕامەوە لەکوردستانیش بۆ ڕۆژنامەکانی ئەورووپا لەسەر بارودۆخی کوردستان دەمنووسی، بۆیە دەڵێم کارێکی زۆر زەحمەت نییە کە ئافرەت نەتوانێت ببێت بەسەرنووسەر، ڕەنگە لەکوردستان تا ئێستا ئەم جۆرە متمانەیە بەئافرەت دروست نەبووبێت جا چ لەلای خودی خۆیانەوە بێت یان لەلای چینەکەی تر کە دەتوانێت ئەو کارە سەرکەوتووانە ئەنجام بدات، لەوانەیە پێویستی بە کات بێت.

*** تۆ وەکو خانمێك کە کاری ڕۆژنامەوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر کردووە بەنیازنیت لەکوردستان دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ ئافرەت بکەیتەوە؟**

- من زۆر خۆشحاڵ دەبم کە کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەم، بەڵام من لە بەریتانیا نوێنەری حکومەتم، بۆ ئەنجامدان و سەرخستنی کارێکی لەم جۆرەش پێویستە خۆم لێرە بم بۆئەوەی سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیە بکەم و هانی ئافرەتان بدەم تا بێنە پێشەوە، بەڵام وەکو بیرۆکە شتێکی باشە.

*** لەدوای کۆنگرەی ١٣پارتی ڕێژەی ئافرەتان لەسەرکردایەتی پارتی بوو بە پێنج ئافرەت، ئەم ڕێژەیەش بەکۆتابوو ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا لەنێو پارتی ئافرەت بەدەنگی خۆی ناگاتە سەرکردایەتی، ئایا ئێوە وەك ئافرەتە سەرکردەکانی ناو سەرکردایەتی پارتی بەرنامەتان چیە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پرسی ئافرەت لەکۆمەڵگەی کوردستاندا؟**

- ڕاستە (کۆتا)ی ئافرەت لە سەرکردایەتی پارتی لە ١٠٪ بوو. بۆیە ئێمە پێنج ئافرەت بووینە ئەندامی سەرکردایەتی و یەکێکیش بە یەدەگ دەرچوو. بەڵام دوو لەو پێنج ئافرەتە بە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە دەرچوون، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە و مایەی خۆشحاڵییە، چونکە زۆربەی دەنگدەران پیاو بوون. لە کۆنگرەدا زۆر گفتوگۆ لەسەر بوون و نەبوونی (کۆتا) هەبوو، تەنانەت هەندێك لە ئافرەتانیش دژی (کۆتا) بوون، چونکە ئەوان کۆتایان بە خێر دەزانی لەلایەن پیاوانەوە، لەجیاتی ئەوەی ئافرەتەکە بە توانای خۆی سەرکەوێت، من لەگەڵ (کۆتا) بووم. بەڕای من لەسەرەتادا (کۆتا) پێویستە، چونکە کۆتا پاڵنەرێکی بەهێز و یاریدەدەرێکی باشە بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ ئافرەتان تا بێنە پێشەوە. سیستەمی کۆتا لە ئەورووپا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و چەندین جۆری جیاوازی کۆتا هەیە لەوێ. پێموایە بۆ سەرکردایەتی یەك دوو جاری دیکە پێویستیمان بە (کۆتا) دەبێت، بەڵام هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئافرەت خۆی سەرکەوێ. زۆر کەس بە منیان دەگوت تۆ پێویستیت بە (کۆتا) نییە، خۆت لە پرۆسەی دەنگدانەکە سەرکەوتوو دەبیت، وەڵامی منیش

**ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن سەرکەوتن بۆ ئەو ئافرەتانەی سەرکەوتوون ئاسان بووە، بەڵام کەس بە ئاسانی سەرناکەوێ لە ژیاندا ئەگەر پاشان بی دەبێ هەوڵ بدات**

**هەرچەند ئافرەت ببێتە توخمێکی بەشدار و ئەکتیڤ و تێکەڵاو بێت زۆر باشترە، نەک ئافرەت هەمیشە لە بن پەردە و لە ماڵەوە بێت ونەبینرێن و کەس نەزانێ کە ڕۆڵیان چی دەبێت**

دیمانە: ڕۆشنە عومەر



**دیاردەی توندوتیژی بووەتە کەلتور کە بە ڕۆژێک و دووان ناگۆڕدرێت. پێویستە هەموو ئافرەتان و پیاوانی ڕۆشنبیر دژی دیاردەی توندوتیژی بوەستینەوە و هەموو لایەک فێری ئەوە بکەین کە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردەواری مایەی قبوڵ نییە.**

ئەوەبوو کە حەز ناکەم بـــە تەنیا بم و هەموو تەرکیز لەسەر من بێت و هەڵەی بچووکم لێ گەورە بکرێت و کەسیش سەرکەوتنەکانم نەبینێت. بە ڕای من ئەگەر چەند ئافرەتێك بە یەکەوە کار بکەن پاڵپشتی یەکتری دەکەن و شـــت لە یەکتر فێر دەبن، چونکە ئافرەتی بە توانـــا لە ڕیزەکانی پارتیـــدا زۆرن، بەڵام لای خەڵك ناسراو نین. لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تا ئێستا بواریان پێنەدراوە بێنە پێشەوە یاخود شەرم دەکەن، یانیش بڕوایان بـــە خۆیان نییە کە چۆن بێنە پێشـــەوە، جا لێرە (کۆتا) پێویستە، چونکە ئافرەت و پیاو قبوڵی دەکەن. ئافرەتە ســـەرکەوتووەکان دەبن بە نموونە بە ئینگلیزی پێیان دەڵێن (role model) واتە دەبنە ڕەمز. ئەو ئافرەتە ســـەرکەوتووانە لەوانەیە هەر یەکێکیان لـــە بوارێکدا زیرەك و بە توانا بن وەك بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاســـی، دیپلۆماســـی). ئەگەر ئـــەم ئافرەتانە لە کارەکانیاندا ســـەرکەوتوو بن، ئـــەوا خەڵك متمانەی زیاتریان بە ئافرەت دەبێت. ئەوانـــەی لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی ســـەرکەوتن و بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی هەموویان خاوەن بەهرە و توانان، بـــا دەرفەتی زیاتریان پێ بدرێت بۆ ئەوەی ببن بە نموونە، چونکە ئەگەر ڕێگە بە ئافرەت بدرێت ئەوا هەنگاو بە هەنگاو ســـەردەکەوێت و بەرەو پێشەوە دەچێت.

*** ئێستا لەکوردســـتان عەقڵیەتی پیاو سالاری باڵا دەستە، ئەم عەقڵیەتە کۆمەڵێك کۆت و بەندی بەسەر ئافرەتان سەپاندووە، ئایا چۆن عەقڵیەتی پیاو سالاری دەگۆڕدرێت بۆ مرۆڤ سالاری؟**

- ئەمە پێویســـتی بە کاتێکی زۆرە، ئێمە نامانەوێ شیرازەی کۆمەڵگەی کوردەواری تێك بچێت کە زۆر شـــتی باشـــی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەوانەیە ئەوە ئازادی ئافرەت سنووردار بکات، دەتوانین ئەمەش بگۆڕین. پـــەروەردە زۆر زۆر گرنگـــە. بۆیە ئەگەر ئەم نەوەی ئێســـتا خۆی پەروەردە و ڕۆشـــنبیر بکات لێرەش مەبەســـتم ئەوە نییە تەنیا بچێتە زانکۆ یان لە لایەنی ئەکادیمیـــەوە بێت، چونکە ئەوە لەبیر نەکەین کە ئافرەت دەبێتە دایـــك و دایکیش منداڵ پەروەردە دەکات و دەتوانێت کاریگەریی بەســـەریانەوە هەبێت، کوڕەکانیـــان کە گەورە دەبن گرنگی بە ئافرەت دەدەن و ڕێزی زیاتری دەگرن، ئەمەش پێویستی بە بزاف و خەباتی زیاتری ئافرەتی کوردی هەیە، وەك ئینگلیز دەڵێن کەس دەسەڵاتت پێنادا پێویستە خۆت بە دەستی بهێنی، لە هەموو شـــوێنێك هەروابـــووە. لە بەریتانیا لە سەرەتای ســـەدەی بیستەم بزووتنەوەیەکی ئافرەتان هەبـــوو بەناوی (ســـۆفرەجێت) دژی نایەکســـانی. ژمارەیەك لە ئافرەتانی ئەم بزووتنەوەیە زیندانی کران و گیانیان لە دەستدا، واتە لە ئەوروپاش ئافرەت وا بە ئاسانی مافەکانی خۆیان بەدەست نەهێناوە.

*** ئەگەر تەماشـــا بکەین لەکوردســـتان تا ئێســـتا پێناســـەی شـــەڕەف بەئافرەت گرێ دەدرێتەوە، ئایا بەڕێزت لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- پێویســـتە ئافرەت و پیاو بزاف بکـــەن بۆ ئەوەی توندوتیـــژی بە ناوی شـــەڕەف بنبڕ بکـــرێ. زۆر خۆشحاڵم کە جەنابی سەرۆك بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانـــی دژی توندوتیژین دەرهەق بـــە ئافرەت کە ئەمـــەش هەنگاوێکی زۆر گرنگـــە. لە هەمانکاتدا پۆلیســـی کوردســـتان ئێســـتا ڕاهێندراون لەســـەر چۆنیەتی مامەڵەکـــردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە سکاڵا پێشکەش دەکەن بۆ پۆلیس لەسەر ئەوەی کە ژیانیان لە مەترســـیدایە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ئەو ئافرەتانە بپارێزن. لەهەمانکاتدا ئێســـتا لە کوردستان شـــەلتەری تایبەت بە ئافرەتان هەیە، ئەو شتانە بەرلە دە ســـاڵ لە کوردســـتان نەبوون. ڕاستە کەموکوڕیش هەیە، بـــەڵام گرنگ ئەوەیە هەنـــگاوی باش نراوە. دیـــاردەی توندوتیژی بووەتە کەلتور کە بە ڕۆژێك و دووان ناگۆڕدرێت. پێویستە هەموو ئافرەتان و پیاوانی ڕۆشـــنبیر دژی دیاردەی توندوتیژی بوەســـتینەوە و هەموو لایەك فێری ئـــەوە بکەین کە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردەواری مایەی قبوڵ نییە.

*** ئافـــرەت چۆن خۆی ئامادە بـــکات بۆئەوەی ئەم هەنگاوانە ببڕێت؟**

- لـــە کوردســـتان هەنـــگاوی زۆر نـــراوە، ئێســـتا ئەنجوومەنی خانمان هەیە کە کارێکی باشـــە و خاتوو پەخشـــان زەنگەنە ئافرەتێکی لێهاتوو و تێگەیشتووە، هەروەهـــا ئافرەتانمان لە بواری پۆلیس و ئاســـایش کار دەکەن، هەرچەند زیاتـــر ئافرەت ببێتە توخمێکی بەشدار و ئەکتیڤ و تێکەڵاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگە ئەوا ئەنجامی باشـــتری لێدەکەوێتەوە. نابێت ئافرەت هەمیشـــە لە پشت پەردە و لە ماڵەوە بێت و نەبینرێت. بۆیە پێویســـتە ئەم هەنگاوانە بەردەوام بن و ئافرەتان بەهێزتر بن. دڵنیام ڕۆژێك بە ئامانجەکانمان دەگەین. لـــە بەریتانیاش توندوتیژی دژی ئافرەت هەیە، بەڵام لەوانەیـــە زۆربەی جارەکان بەناوی شـــەڕەف نەبێت. خانمە پەرلەمانتاریکـــی بەریتانیا کە ناوی (ماگ مان)ـــە کە دۆســـتی کـــوردە و بەر لە پێنج ســـاڵ وەزیـــری ئافرەتان بوو، پێی ڕاگەیاندم کە لە بەریتانیا هـــەر حەفتەیەك ئافرەتێـــك دەکوژرێت بە دەســـتی

**پۆلیسی کوردستان ئێستا ڕاهێندراون لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە سکاڵا پێشکەش دەکەن بۆ پۆلیس لەسەر ئەوەی کە ژیانیان لە مەترسیدایە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ئەو ئافرەتانە بپارێزن**

هاوسەرەکەی یان هاوڕێیەکەی. کەواتە توندوتیژی لە هەموو شوێنێك هەیە و زۆر بە زەحمەت کۆتایی دێت، بەڵام دەتوانین کار بکەین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەکە تا بەیەکجاری بنبڕ دەبێت.

*** پێشتر وتیان دەبیتە ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی، بەڵام دەنگوباسەکە بێدەنگ بوو؟ لەو بارەیەوە ڕۆڵی تۆ لەڕاگەیاندنی پارتی چییە؟**

- من ١٧ ساڵ ڕۆژنامەنووس بووم لەڕۆژنامەکانی بەریتانیا لەو ماوەیەدا ٦ ساڵ لەڕاپۆن کاری ڕۆژنامەنووسیم کردووە و زۆر خۆشحاڵم ئەگەر لەڕاگەیاندنی پارتی کار بکەم، چونکە ئەزموونم هەیە دەتوانم کارێك بکەم کە لەخزمەتی پارتیدا بێت، بێگومان ئەگەر ئافرەتێك لەو شوێنە هەبێت ئافرەتانی دیکەش دێنە پێشەوە، ئینگلیزەکان دەڵێن ئافرەت کە بیەوێ سەرکەوێ پێویستە دوو ئەوەندەی پیاو کار بکات لەڕاگەیاندنیش پێویستە ئافرەتانمان کاری زیاتر بکەن بۆئەوەی سەربکەون، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ناتوانن کار بکەن.

*** پێگەی کورد لەبەریتانیا چۆن دەبینی و ئایا ئەگەر کورد دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ کاردانەوەی لەبەریتانیا چۆن دەبێ؟ پێتوایە بەریتانیا پشتیوانی کورد بکات لەو بارەیەوە؟**

- تا ئێستا بەریتانیا دەیەوێ عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام عیراقێکی دیموکراسی، ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون کە ئێمە دەمانەوێ عێراق دیموکراسی و فیدرالی بێت کە هەموو عیراقییەکان قبووڵی بکەن، بەڵام ئەگەر عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێت وەك سەرۆك بارزانی فەرمووی ئێمە چۆن لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، حکومەتی بەریتانیا لەوە تێگەیشتوون، بەڵام لەئێستادا دیانەوێ عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە بۆئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر بێت، هەرچەندە ئێستاش سەقامگیر نییە.

*** ئایا لەماوەی ڕابردوو تۆ وەك نوێنەری حکومەتی هەرێم چیت کردووە لەبارەی گواستنەوەی ئەزموونی بەریتانیا لەبایەخدان بەئافرەت و کەمکردنەوەی توندوتیژی کە ئەمە ببێتە پێوەرێك لەهەرێمی کوردستانیش حکومەت سوود لەوە ببینێت؟**

- وەك ئافرەتێك کاتێك سەردانی پەرلەمانی بەریتانیا دەکەم یان لەگەڵ بیزنسمانەکانی بەریتانیا کۆدەبمەوە یان سەردانی زانکۆکانیان دەکەم، ئەوان دەبینن کە نوێنەری حکومەتی هەرێم ئافرەتە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لە کوردستان ئافرەت کار دەکات و ڕۆڵی بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینێت. جگە لە من ئافرەتی دیکەش هەن کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دەکەن لە فەرەنسا و ئیتاڵیا. لە هەمانکاتدا لە بەریتانیا چەند ڕێکخراوێکی کوردی هەن دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، ئێمە هەوڵ دەدەین پشتگیرییان بکەین و لە کاتی ڕێکخستنی کۆنفرانس و سیمینار و دیدار و کۆبوونەوەکان لەلایەن ئەو ڕێکخراوانە، ئێمە پەرلەمانتارانی بەریتانیا و لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەو وڵاتە ئاگادار دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ئامادە بن.

بەر لە چەند ساڵێك ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی یارمەتی هەردوو زانکۆی بریستل و ڕۆهامپتنیدا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدەن لەسەر توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە کوردستان، منیش لە دوورەوە چاودێری ئەو بەرنامەیەم دەکرد تا پڕۆژەکە سەرکەوتووانە تەواو بوو. لەگەڵ ئەوەی ژمارەی کارمەندانی نوێنەرایەتیەکەمان تەنیا ٥-٦ کەسە، بەڵام کارەکانمان زۆر فراوانن، لەوانەش پێوەندی لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا و و خزمەتکردنی ڕەوەندی کورد لەو وڵاتە و گەشەپێدانی لایەنەکانی بازرگانی و پەروەردە و کلتوور و ئافرەتیش بەشێکی بەرچاوی کارەکانمانە. حەزدەکەم ئاماژە بەو بەرنامە بەرفراوانەش بدەم کە ئێستا لەبەردەستماندایە بۆ حاشانەکردنی حکومەت و خەڵکی بەریتانیا بەوەی کە گەلی ئێمە دووچاری جینۆساید بۆتەوە لەسەر دەستی ڕژێمەکانی پێشووی عیراق، وەك ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە و بێسەروشوێن کردنی ٨٠٠٠ بارزانی. پێشتریش لە گوندەکانی کەرکوك و کوردە فەیلییەکان جینۆساید کراون. لە ئەوروپا و ئەمریکا خەڵك زۆر کەم ئاشنایە بەو کارەساتانە، ڕەنگە بزانن لە هەڵەبجە چەکی کیمیایی بەکار هاتووە، بەڵام وەك هۆلۆکۆست و جینۆسایدی بۆسنیا و ڕواندا پێی ئاشنا نین، بۆیە ئێمە ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین کە بەرنامەیەك ئامادە بکەین بۆ ئەوەی خەڵکی بەریتانیا لەم کارەساتانەی کە بەسەر گەلەکەمان هاتوون ئاگادار بکەینەوە.

*** بوونی ئافرەت لەکابینەی حەوتدا ڕێژەیەکی کەم لەئافرەت بەشداربوو ئێوە بۆچی هیچ هەوڵێکتان نەدا لەنێو پارتی بۆئەوەی ڕێژەی ئافرەت زیاد بکرێت؟**

- من لەبەر ئەوەی لە بەریتانیا وەك نوێنەری حکومەت کاردەکەم هەندێك جار ناتوانم لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیدا بەشدار بم، بەڵام سەرکردایەتی دەزانن کە من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە پێویستە ڕێژەی ئافرەت زیاتر بێت لە ناو حکومەت. بە ڕای من بوونی یەك ئافرەت بە تەنیا لە ناو حکومەت یان هەر دام و دەزگایەکی تر لە هەر شوێنێك بێت کارێکی ناخۆشە. تەرکیزی هەموو لایەکی لەسەردەبێت و ئەگەر هەڵەیەکی بچووکیش ئەنجام بدات لێی گەورە دەکرێت، من هیچ بیانووەك نابینم بۆ کەمی ڕێژەی ئافرەت لە ناو حکومەت.

*** بیستومانە پۆستەکەت دەگۆڕدرێ، ئەگەر پۆستەکەت بگۆڕێ بەرنامەت چییە؟**

- مەبەستت لە نوێنەرایەتی حکومەتە لە ئەمریکا؟ منیش ئەو هەواڵەم لە ڕۆژنامەدا بیستووە، بەڵام بە فەرمی هیچ شتێك لە ئارادا نییە. ئەگەر کاك قوباد بگەڕێتەوە کوردستان بێگومان کەسێك لە شوێنی ئەو دادەنرێ، من ئامادەم لە هەر شوێنێك بێت خزمەتی پارتی و حکومەت و گەلی کورد بکەم.

*** بۆ ئێستای کوردستان چ پەیامێکت هەیە بۆ خانمان؟**

- پێیان دەڵێم بێ ئومێد مەبن، چونکە ئەوە زۆر پێویستە بۆ هەموو مرۆڤێك. لە کارکردن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆتان بەردەوام بن، ئەگەر ئەو ئامانجانەش دوور و سەخت بن، بەڵام بەردەوام کاری بۆ بکەن. ڕەنگە هەندێك کەس بڵێن ئەو سەرکەوتنەی کە هەندێك لە ئافرەتان وەدەستیان هێناوە کارێکی ئاسان بووە. ئەگەر ئافرەت بەردەوام نەبێت لە کۆشش کردن و خۆ پەروەردەکردن و هەوڵدانی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. ڕاستە گەیشتن بە ئاوات ئاسان نییە، ئاستەنگ بۆ دروست دەبێت، خەڵکانێك ڕێگای سەرکەوتنت لێدەگرن، ئەمەش ئاساییە و سروشتی ژیان وایە، بەڵام من دەڵێم بێ ئومێد مەبن و بڕواتان بە تواناکانی خۆتان هەبێت. لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئافرەتان پشتیوانی یەکتر بن و پاڵپشتی یەکتر بکەن.

> **تا ئێستا بەریتانیا دەیەوێ عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام عیراقێکی دیموکراسی، ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون کە ئێمە دەمانەوێ عێراق دیموکراسی و فیدرالی بێت کە هەموو عیراقییەکان قبووڵی بکەن**



## بەختەوەربوونی ژیانی هاوبەش لەسەر چ بنەمایەکە

# عەشق یا خۆشەویستی؟

ئاسۆ سابلاغ

گەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری بەمەبەستی پێکهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و کامەران بێت، ژیانێک پڕاوپڕ بێت لەخۆشەویستی و ئارامی و ئاسوودەیی دەبێ بنەمای ئەو ژیانە هاوبەشە لەسەر چی بنیاد بنرێت؟ ئایا عەشق و ئەوین مرۆڤ دەگەیەننە ژیانێکی بەختەوەر کە هیچ مەجالێک بۆ بوونی گرفت و کێشە نەهێڵێتەوە؟ یان خۆشەویستی و ڕێزگرتن و دەرک کردن و ناسینی ڕۆحی یەکتر پایەی ژیانێکی هاوبەشی بەختەوەرانە دادەڕێژن؟ پرسیارێک لێرەدا سەرهەڵدەدات ئایا لەنێوان عەشق و ئەوین و خۆشەویستی و سۆز جیاوازی هەیە و هەردووکیان بەیەک چەمک مانا ناکرێنەوە؟ ئایا هەردوو چەمکەکە لەیەک بۆتەدا یەک ناگرنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەبیرمەند و ڕۆشنبیری کۆچکردووی ئێرانی د.عەلی شەریعەتی دەسپێرین.



ڕای د.شەریعەتی لەم بوارەدا ئاوایە: خۆشەویستی لەعەشق مەزنترە، عەشق هەیەژان و سەرهەڵدانێکی کوێرکوێرانەیە و بێ بیرکردنەوە و لێکدانەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام خۆشەویستی لەڕووی ئاگایی و تێگەیشتنەوە و دەرک کردنی تەواوی کەسە بەرامبەرەکەی سەرهەڵدەدات. عەشق زیاتر لەغەریزەوە سەرچاوە دەگرێت و هەر شتێکیش لەغەریزەوە سەرچاوە بگرێت بێ بەهایە، بەڵام خۆشەویستی لەگیانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەتا گیانیش بەرەو بەرزی بچێت خۆشەویستیش لەگەڵی دەفڕێت. عەشق و ئەوین لەگەڵ تێپەڕینی تەمەن و وەرز لەپێوەندیدایە و تێپەڕبوونی وەرز و ساڵەکان کاریگەری لەسەر بەهێز و بێهێزی عەشق دادەنێت، بەڵام خۆشەویستی هیچ پێوەندی بەزەمەنەوە نییە و هەتا مێژووی زیاتر بێت، بنچنەی خۆشەویستی زیاتر دەچێتە قووڵاییەوە.

ئەمە بەشێکە لەڕای د.شەریعەتی، لەدنیای واقیعیشدا بۆچوونەکانی د.شەریعەتی لەڕاستییەوە نزیکن، کەم نین ئەو مرۆڤە بەساڵداچووانە لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ دوای نزیکەی نیو سەدە پێکەوە ژیان هێشتاش وەك ئەو ڕۆژە پێکەوە دەژین کە یەکتریان ناسی، جەستەیان بەرەو پیری ڕۆیشتووە و ڕەنگ و ڕوخساریان بەتەواوی گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردانەهاتووە هەر ئەو خۆشەویستی و سۆزەیە کە لەسەرەتای ژیاندا هەیانبووە.. بەڵام پێچەوانەی ئەوەش کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە هێشتا لەبەهاری تەمەندان و ساڵێك یان دوو ساڵ بەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیاندا ڕۆیشتووە، کەچی ئەو عەشقە ئاگرینەی کە جاران لەناخیاندا کڵپەی دەسەند بەتەواوی بەرەو خامۆشی ڕۆیشتووەو هەست و سۆزیان بەرامبەر بەیەك ساردبۆتەوە..

لەڕێڕەوی چاوەڕوانی دادگادا، (فەریدە) و (سەڵاح)م بینی، فەریدە ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵەیە و سەڵاحیش تەمەنی نەگەیشتۆتە ٣٠ساڵی، هەردووکیان لەبەهاری تەمەندان، لەچاوەڕوانی ئەوەدان دادوەر بانگیان بکات و کۆتایی بەکێشەکەیان کە لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ژیانی هاوسەرییانە بێنێ.... هەوڵدانی ئەو دوو گەنجە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری ئەویش لەو تەمەنەدا کە ٣ ساڵە بەسەر ژیانی هاوبەشیاندا تێپەڕیوە سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. دەچم سڵاویان لێدەکەم و ئیزنیان لێوەردەگرم بۆ چەند پرسیارێك... ڕووی پرسیارم دەکەمە فەریدە...

فەریدە خانم، تۆ کە کەسێکی خوێندەواری و لەڕووی تێگەیشتنەوە ژیانی هاوبەشت هەڵبژاردووە، چۆنە نیازت هەیە ئاوا بەئاسانی کۆتایی بەو ژیانە بێنی، ئایا لەسەرەتادا بەویستی خۆت نەبوو؟

- بەڵێ تەواو بەویستی خۆم بوو، بڕوا بکە ئەگەر دایك و باوکم کێشەیان بۆ دروستکردبام ببانە گرفتی سەر ڕێگام، یان لەگەڵی دەکەوتم، یا خۆم دەکوشت، چونکە نە تەنیا خۆشمدەویست، بەڵکو دەمپەرست، ئەو بۆ من هەموو شتێك بوو..

*** چۆنە ئەو عەشقە ئاگرینە بەرەو دامرکان ڕۆیشت؟ گرفتەکان ئەوەندە سەخت بوون، ئایا سەڵاح ئەوەندە بەربەستی بۆ دروست کردی و ژیانی لێکردی بەدۆزەخ؟**

- لەڕاستیدا، کوێرکوێرانە تەنیا بەگوێدان بەهەست و عەشقی خۆم سەڵاحم هەڵبژارد، پێموابوو ئەو مرۆڤەیە کە خەون و ئاوات و حەزەکانم لەگەڵ ئەودا دێتەدی، بەڵام دوای ساڵێك لەگەڵ سەڵاح ژیان بەسەربردن، زانیم چەندە لەژیاندا دۆڕاوم، هەرچەندە ئەوکات دایکم دەیان جار ئامۆژگاری دەکردم و دەیگوت ڕۆڵە ئەوەی تۆ بەدوای کەوتی عەشقە، عەشقێکی بێ بیرلێکردنەوە و لێکدانەوە و ناسینی بەرامبەرەکەت، سەد خۆزگە بەقسەی دایکم کردبا، ژیان بەو ڕۆژە نەگەیشتبا.

*** سەڵاح چ گرفتێکی هەیە، بۆ ناتوانی لەگەڵی بژی؟**

- بۆ چ گرفتێکی نییە، ئەو (موعتادە) یانی مرۆڤێکە گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانە، کەسێکیش کە گیرۆدەی ئەو ماددانە بێت، نە تەنیا ژیان بۆخۆی، بەڵکو بۆ هەموو کەس تاڵ دەکات!

*** باشە بۆ پێشتر شارەزای ژیانی سەڵاح نەبووی، ئایا فریوی دابووی و درۆی لەگەڵ کردبووی، نەتدەزانی گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانە؟**

- با باشیش دەمزانی، چونکە زۆر لەکەسە





نزیکەکانم ئەوەیان پێدەگوتم و بەڕوخسار و سیماشیەوە دیار بوو کە کەسێکی (مودمینە) بەڵام چ بکەم عەشق چاوی کوێرکردبووم، عەشق بەسەر هەموو هەست و نەستمدا زاڵ بوو..

فەریدە ڕاست دەکات، عەشق کوێرت دەکات، عەشقی کوێرکوێرانە بەرەو هەڵدێرانت دەبات، کاتێکیش بەئاگا دێیەوە تێدەگەی چ کارەساتێکت بەسەر خۆ هێناوە. دیسان بە بەبۆچوونی د.شەریعەتی: عەشق جوڵە و هەیەژانێکی یەکلایەنەیە، بیرناکاتەوە مەعشوق کێیە، لەخۆوە سەرچاوە دەگرێت هەربۆیەشە هەمیشە هەڵە دەکات و زیاتر لەزەلکاو ڕۆدەچێ، عەشق لەتاریکاییدا بروسکەی دێت و کەسەکان یەکتر نابینن، بەڵام کاتێك ڕۆژ دەرکەوت تێدەگەن ڕوخسارەکان چۆنن، بەڵام خۆشەویستی لەڕووناکیدا لەدایك دەبێت و لەژێر تیشکی ڕووناکیدا گەشە دەکات و هەتا دێت بەرەو لوتکە دەچێت.

عەشق و ئەوین هەمیشە لەگەڵ دوو دڵی و گومان ڕووبەڕوویە، کەم نین ئەو ژن و پیاوانەی کە حەز ناکەن عەشقەکەیان تەنانەت لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیشیان پێوەندییان هەبێت، لەڕیپۆتاژێکدا دیتم کە پیاوێك تەنیا لەبەر ئەو هۆیەوە لەژنەکەی جیابۆتەوە، چونکە ژنەکەی باوکی خۆی ماچ کردووە، بەڵێ لەعەشقی کوێرکوێرانەدا ئیزن بەوە نادرێ مەعشوق جگە لەیارەکەی خۆی کەسی دیکە ببینێ، یانی تەنیا یەکچاوی هەبێت.. بەڵام لەخۆشەویستیدا وانییە، لەخۆشەویستیدا هیچ گومانێك نییە، ئەوەندە بڕواو متمانەی بە بەرامبەرەکەی هەیە کە ئەگەر بەتەنیا سەفەر بکات، یان لەگەڵ هاوڕێیان و نزیکانی ببینی، بچووکترین گەردی گومان لەدڵیان دا نییە، چونکە لەقوڵایی دڵەوە یەکتریان خۆشدەوێ و بڕواو متمانە بوون سەرووی هەمووی شتێك دەبینن.. بەشێك لەخۆکوژییەکان لەعەشقەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر سەرنج بدەی بەو وتە و نووسراوانەی کە پێش مەرگیان جێی دەهێڵن بۆت دەردەکەوێت لەبەرچی خۆیان کوشتووە.. ئازیزم چونکە عاشقت بووم و حەزم نەدەکرد عەشقەکەی من لەگەڵ کەسێکی دیکە بێت، بەڵام کاتێك دیتمی لەگەڵ یەکێکی دیکەی، نەمتوانی خۆ ڕاگر بم و بۆیە کۆتاییم بەژیانم هێنا...

لەگەڕەکەکەی ئێمە، هیچ کەس نییە، کە پورە زلێخا و مام ئەحمەد نەناسێ، ئەوان تەمەنیان لەسەرووی حەفتا سالییە، وەك پورە زلێخا دەڵێ تازە خۆم ناسیبوو کە مێردم بەئەحمەد کرد لەوکاتەوە پێکەوە دەژین، منداڵیان نییە، نەبوونی منداڵ قەت نەبۆتە بەربەستێك کە هێلانەی خۆشەویستیان تێك بچێ، یا بەجۆرێکی دیکە لەژیان بڕوانن، ئەوان بەدڵ و بەگیان یەکتریان خۆشدەوێت، ئەوان عاشق نین، بەڵام خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە نزیکەی نیو سەدەیە لەگەڵیاندا چەکەرەی کردووە... ئەوان گیانی یەکتریان دەوێت نەك جەستەی یەکتر... وانەبێ لەژیانیاندا تووشی کێشەوگرفت نەبووبن یا توڕەبوون و ناخۆشی لەنێوانیاندا ڕووینەدابێت، لەخۆشەویستیدا ئەوانە ڕوودەدەن، بەڵام وەك هەورێکی تەنك زوو لادەچن، بەڵام لەعەشقدا بەبچووکترین گرفت هەموو شتێك دێتەوە سەر خاڵی سفر!

دوا نموونە سەبارەت بەجیاوازی نێوان عەشق و ئەوین و خۆشەویستی سۆز ئەوەیە کە دوو پیاو کە هەردووکیان بەمەرگ سزا دراون و ئیزنیان پێدراوە دوا قسە لەگەڵ هاوسەرەکانیان بکەن بەم شێوەیە دوا بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن. دوا وتەی پیاوە عاشقەکە...

هاوسەرم تکایە هەمیشە وەرە سەر گۆڕم، هەر ڕەش بپۆشە با خەڵك بزانن کە منت خۆشدەوێت، چاوەکانت بێ فرمێسك نەبن، نەکەی بەهیچ جۆرێك بیر لەپێکهێنانەوەی سەرلەنوێی ژیانی هاوبەش بکەیەوە، ئەگینا لەگۆڕیشدا ئازار دەچێژم کاتێك ببینم هاوسەرم لەگەڵ یەکێکی دیکەیە لەگۆڕ دێمەدەر و ژیانتان تاڵ دەکەم، کە مردیشی با لەپەنای گۆڕی من بتنێژن.....!!

ئەو پیاوەی کە هاوسەرەکەی خۆشدەوێت، لەناخەوە سۆز و خۆشەویستی بۆی هەبووە دەڵێت: ئازیزم، تەمەن زۆری بەبەرماوە، بەداخەوە نەمتوانی پێکەوە بژین، بەڵام ژیان هەر ئەوەندە نییە، تۆ هێشتا گەنجی دەتوانی ژیانێکی پڕ لەهیواتر و بەختەوەرانەتر دەستپێبکەیەوە، مەگری، گریان هیواکانت دەمرێنێ بەهیوام لەگەڵ کەسێکدا بژی ئەو بەختەوەری و خۆشیانەی کە من نەمتوانیوە بۆت دەستەبەر بکەم ئەو بۆت بەدی بێنێ.. تەنیا بۆ ساتە شادییەکان بیر لەمن بکەوە، بەختەوەربە، ئەوە ئاواتی منە.....

ئەوانەی تێڕوانینی ئەو کەسانەن کە یەکێکیان بەعاشق و ئەوینداری و ئەویتریان بەسۆز و خۆشەویستییەوە لەژیانی ڕوانیوە.. ئاوڕێك لەدەوروبەر و کەسانی نزیکتان بدەنەوە ئەوکات ڕاستی ئەوەتان بۆ دەردەکەوێت کە عەشقی کوێرکوێرانە چەندە مرۆڤ بەلاڕێدا دەبات و خۆشەویستی و سۆزی ڕاستیش چەندە بنەمایە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە...